#SupportKurdistan
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
خەبات
XEBAT
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5368) پێنج شەممە 12ی تشرینی یەکەم 2017 «16» لاپەڕە «500» دینار

## وەڵامێک بۆ هەڕەشە و تۆمەتەکانی سەرۆک وەزیرانی عێراق

## دوای ئەو هەڕەشانە ئۆباڵی هەموو شەڕ و ئاژاوەیەک کە لەو ناوچە سەقامگیرانە دروست دەبێت، دەکەوێتە ئەستۆی حەیدەر عەبادی

دەقی وەڵامی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەلاپەرە چوار بخوێنەوە

## ئەنجوومەنی باڵای سیاسیی کوردستان پابەندی ئیرادەی گەلی کوردستانە

# ئەنجوومەنی باڵای سیاسیی کوردستان: ئامادەی دەستپێکردنی دیالۆگێکی کراوەین لەگەڵ بەغدا بە بێ پێشمەرج و بە بێ سزادان و ئابلۆقە

## جێبەجێکردنی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم لەڕووی زەمەنییەوە بەندە بە دیالۆگێکی بنیاتنەر و لێپرسراوانە



دوێنێ چوارشەممە ئەنجوومەنی باڵای سیاسیی کوردستان بە سەرپەرشتیی بەڕێز مەسعود بارزانی کۆبووەوە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی: ڕۆژی چوارشەممە 2017/10/11 لە سەلاحەدین بە سەرپەرشتیی بەڕێز مەسعود بارزانی ئەنجوومەنی باڵای سیاسیی کوردستان کۆبووە. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا ئامادەبووان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی سەرۆک مام جەلال و گیانی شەهیدانی ڕێگەی ئازادی خولەکێک وەستان و لەسەر ئەوەیش هاوڕا بوون کە باشترین وەفا بۆ ڕۆحی سەرۆک مام جەلال و سەرجەم شەهیدانی کوردستان یەکڕیزی و برایەتی و یەکهەڵوێستیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانە.

پاشان ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە دوایین گۆڕانکارییە سیاسی و کاردانەوە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و عێراقییەکانیان لەبەرانبەر ڕیفراندۆم تاوتوێ کرد و بەو ئەنجامانەی خوارەوە گەییشتن:

یەکەم: کۆبوونەوەکە، پابەندی ئیرادەی گەلی کوردستانە کە لەڕێگەی بەشداربوون و دەنگدان لە ڕیفراندۆمی 25ی ئەیلوولی 2017 بە ئازادانە دەریبڕیوە. هەروەها جێبەجێکردنی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم لەڕووی زەمەنییەوە بەندە بە دیالۆگێکی بنیاتنەر و لێپرسراوانە. بۆیە کۆبوونەوە، ئامادەیی دەربڕی بۆ دەستپێکردنی دیالۆگێکی کراوە لەگەڵ بەغدا بە بێ پێشمەرج و بە بێ سزادان و ئابلۆقە و، هەروەها ڕەخساندنی کاتی پێویست بۆ سەرخستنی.

دووەم: سەپاندنی سزا بەسەر گەلی کوردستان نایاسایی و نابەرپرسیارانەیە و گرژترکردنی بارودۆخی سیاسی خزمەتی بەرژەوەندیی هیچ لایەک ناکات.

سێیەم: کۆبوونەوەکە بە ڕای گشتیی جیهانی و هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی ڕادەگەیێنێت کە گەلی کوردستان ڕووبەڕووی ئابلۆقە و سزادانی بە کۆمەڵ و هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز کراوەتەوە و ئەوە بارودۆخی مرۆیی و ژیانی خەڵک و ئاوارەکان لە عێراق و کوردستان دەباتە قۆناغێکی مەترسیدار و داوا دەکات سنوورێک بۆ ئەم هەڕەشە و ئابلۆقە و سزادانی بەکۆمەڵە دابندرێت.

چوارەم: ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە بڕیاریان دا کۆبوونەوەی حزب و لایەنە سیاسییەکان لەژێر ناوی ئەنجوومەنی باڵای سیاسیی کوردستان بەردەوام بێت.

**ئەنجوومەنی باڵای سیاسیی کوردستان**
**2017/10/11**

## نێچیرڤان بارزانی و باڵیۆزی ئەڵمانیا دۆخی پێش و دوای پرۆسەی ڕیفراندۆم تاوتوێ دەکەن

# سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان: دەبێت بیر لە شێوازێکی نوێ لە پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا بکرێتەوە



ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە 2017/10/10 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز سیریل نان باڵیۆزی ئەڵمانیا لە عێراق و شاندێکی کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەولێر کرد کە لە بەڕێز کیرت ستۆکڵ ستیلفێرد کونسوڵی گشتی و جێگرەکەی پێکهاتبوو.

لە دیدارێکدا بەڕێز نان مەبەستی سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان خستەڕوو و دووپاتی کردەوە کە حکوومەتی ئەڵمانیا بە بایەخەوە دەڕوانێتە عێراق و هەرێمی کوردستان، ئامادەیی وڵاتەکەیشی بۆ دروستکردنی دیالۆگ لە نێوان هەولێر و بەغدا بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان، نیشان دا، هەروەها ڕۆڵی پێشمەرگەی کوردستانی لە تێکشاندنی تیرۆر و تیرۆرستان و هاوکاریی خەڵک و حکوومەت بۆ ئاوارە و پەنابەرانی دەستی تیرۆر، بەرز نرخاند.

دواتر باس لە دوا پەرەسەندنەکان و قۆناغی پێش و دوای ڕیفراندۆم و کاردانەوە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دەربارەی ئەم پرسە کرا و جەختیان لەوە کردەوە کە بارگرژی و هەڵچوونەکان لە بەرژەوەندیی هیچ لایەنێکدا نییە و دیالۆگ و دانوستان باشترین ڕێگەچارەی کێشەکانە. هەردوولا پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەولێر و بەرلینیان دووپات کردەوە.

لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان سوپاسی ئەو سەردانە و پشتیوانییەکانی گەل و حکوومەتی ئەڵمانیای کرد لە بواری مرۆیی و سەربازیدا بۆ هەرێمی کوردستان، هەروەها پوختەیەکی دەربارەی ئەو هۆکارانە پێشکەش کرد کە وایکرد گەلی کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بدات، جەختی لەوەش کردەوە ئەزموونی چەند ساڵەی ڕابردوو سەلماندی ئەو سیستەمەی لە عێراق هەبوو شکستی هێنا، بۆیە دەبێت بیر لە شێوازێکی نوێ لە پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا بکرێتەوە.

ئامادەیی هەرێمی کوردستانیشی بۆ دەستپێکردنی دیالۆگێکی جددی لەگەڵ بەغدا بە ئەنجێندایەکی کراوەو بێ مەرجی پێشوەختە دەربڕی تاکو بتوانرێت بگەنە چارەسەر و لێکتێگەیشتنێک مایەی ڕەزامەندیی هەردوولا بێت و سەقامگیری و ئارامی بەدوای خۆیدا بهێنێت و ئایندەی نەوەی داهاتوو مسۆگەر بکات، لەم بارەیەشەوە ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە پێویست زانی.

## د. شێرکۆ جەودەت: ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی کوردستان کارێکی ئاسان نییە

سەرۆکی لیژنەی سامانە سرووشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان گوتی، ڕاگرتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکوومەتی عێراق و تورکیاوە کارێکی ئاسان نییە و وڵاتان ڕێگەی پێ نادەن، چونکە بەرژەوەندیی ئەوانیشی تێدایە و جگە لەوەش تورکیا ڕووبەڕووی یاسا دەبێتەوە. سەرۆکی لیژنەی سامانە سرووشتییەکان لەپەرلەمانی کوردستان د. شێرکۆ جەودەت، بە ماڵپەری فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە لەلایەن حکوومەتی عێراق و بە هاوکاریی تورکیا ئاسان نییە، لەبەرئەوەی تورکیا گرێبەستی 50 ساڵەی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، بۆیە گەر تورکیا لەو گرێبەستە پەشیمان ببێتەوە ڕووبەڕووی یاسا دەبێتەوە. د. شێرکۆ جەودەت گوتیشی: دەستبردن بۆ گرتنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە کارێکی ئاسان نییە، چونکە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان تەنها بەرژەوەندیی هەرێم و تورکیای تێدا نییە، بەڵکو بەرژەوەندیی ڕووسیا کە گرێبەستی 20 ساڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە و، هیی وڵاتانیشی تێدایە. وەک جەودەت گوتی، ئەگەرچی لەئێستادا هیچ بڕیارێکی وا لەئارادا نییە کە تورکیا هەنگاوێکی لەوشێوەیە بنێت، بەڵام "گەر کارێکی واش بکات هەرێمی کوردستان بیر لە جێگرەوی دیکە دەکاتەوە بۆ ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان. "

## دادگای فیدراڵی ڕەتیکردەوە دەربارەی پەرلەمانتارانی کوردستان بڕیار دەربکات

حکوومەتی بەغدا و پەرلەمان داوایان لە دادگای فیدراڵی کرد، بڕیارێک دەربارەی ئەو پەرلەمانتارانەی بەشدارییان لەو پرۆسەیەدا کردووە، بدات، بۆ ئەوەی لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت و لە کاری پەرلەمانتاری دوور بخرێنەوە. ئیسلام حوسێن بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: هیچ ماددە و بڕگەیەک لە دەستووردا نییە باس لەوە بکات ئەو پەرلەمانتارانەی بەشدارییان لە ڕیفراندۆمدا کردووە لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت، بۆیە دادگای فیدراڵی ئاماژەی بەوە کردووە، ئێمە ناتوانین هیچ بڕیارێک لەو بارەیەوە بدەین و کاری ئێمە نییە. با شوێنی دیکە قسەی لەسەر بکەن، وەکو پەرلەمان و لیژنەی یاسایی، هەر بۆیەشە ماوەی هەفتەیەکە دادگای فیدراڵی ئەو پرسەی دواخستووە و قسەی لەسەر نەکردووە. ئەو پەرلەمانتارە کوردە گوتیشی: ئەو پرسە هەستیارە و ئەگەر بڕیاری لەبارەوە بدرێت، واتا حکوومەت و پەرلەمان و شەراکەت نییە و جارێکی دی ئەوە دەسەلمێننەوە و هەموو شتێک کۆتایی پێ دێت. بۆیە دادگا خۆی لەو پرسە نادات، چونکە پرسێکی چارەنووسسازە و پێشتریش دەمزانی ئەو کارە سەرکەوتوو نابێت.

# سکرتێری گشتیی یوئێن: عێراق یەکێکە لە چوار وڵاتی لەسێدارەدان

ئەنتۆنیۆ گۆتێراس، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان چوار وڵاتی دەستنیشان کرد کە 87%ی فەرمانی لەسێدارەدان جێبەجێ دەکەن کە ئەوانیش "عێراق، چین و ئێران و سعودیە"ن. گۆتێراس، لە ڕۆژی جیهانیی ڕەتکردنەوەی فەرمانی لەسێدارەداندا ڕایگەیاند بە پێی لێکۆڵینەوەکانی کۆمسیاری باڵای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، چوار وڵات ڕێژەی فەرمانی لەسێدارەدان جێبەجێ دەکەن کە عێراق و ئێران و چین و سعودیەن. گوتیشی: هەندێک لەو وڵاتانە زانیاری لە بارەی لەسێدارەدراو و جۆری حوکمەکەی هیچ زانیارییەکی دیکە ئاشکرا ناکەن. بە پێی هەواڵێکی ئاژانسی ئاسیۆشێتدپرێس، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، داوای لەو وڵاتانە کرد واز لە



جێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەدانی هاووڵاتییان خۆیان بهێنن، چونکە لە سەدەی بیست و یەکەمدا جێی لەسێدارەدان نابێتەوە. شایانی باسە، ئەنتۆنیۆگۆتێراس سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ناوی عێراقی لە یەکەم وڵات هێناوە دواتر ئێران و چین و سعودیەی وەک ئەو وڵاتانە ناساند کە بڕیاری لەسێدارەدان جێبەجێ دەکەن.



**3** عێراق بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ سەرۆک و ئەندامانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی دەرکرد



**2** کوتلە کوردستانییەکانی بەغدا بەیاننامەیەکی هاوبەش بڵاودەکەنەوە

**9** 50%ی هێڵەکانی ئینتەرنێتی عێراق لە کوردستانەوەیە